کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 22:20بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## گەنج بەرهەمێکی خۆماڵی، داهاتێک بۆ هەندەران! ... ستار محەمەد قادر

یەکێك لەدیاردە ترسناکەکانی هەر کۆمەڵگاو میللەتێك، گرنگی نەدانە بەڕۆڵی گەنجان و پەروەردە نەکردنیانە بەشێوەیەکی تەندرووست لەپێناو بەرجەستەکردنی خەون و ئارەزووەکانیان و سوود وەرنەگرتنە لەوزەیان.



ئەمڕۆ ئەگەر ئاوڕ لەباشووری کوردستان بدەینەوە، دەبینین گەنجەکانمان بەشێوەیەکی بەربڵاو تووشی بێ ئومێدی بوونەو هەموو ئاواتیان ئەوەیە کەرۆژێك زووتر ئەم وڵاتە بەجێبهێڵن و روو لەهەندەران بکەن.
هەریەکێکیان بدوێنی دەبینین هەڵگری کۆمەڵێك ئێش و ئازارن، بێگومان ئەو ئێش و ئازارانەی ئەوان لێیدەدوێن، کاتی خۆی ئێمەیش پێیدا گوزەرمان کردووە. دەکرێت لێرەوە پرسیاری ئەوە بکەین بۆ ئەم گەنجانە زێدی باوباپیرانیان بەجێدەهێڵن و روو لەهەندەران، وڵاتی غەریبی دەکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسانەو هەرهەموومان بەچاکی ئەو هۆکارانە دەزانین کەفاکتەری سەرەکین بۆ گەنجەکانمان کەئەو بڕیارە بەبێ دوودڵی وەربگرن و وڵات و (کەسو کاریان) بەجێبهێڵن، لێ بەداخێکی زۆرەوە تائێستا پرسی گەنج چ لەلای کۆمەڵگاو چ لەلای دەسەڵات نەبووە بەتەوەرێکی گرنگ و قسەی شێلگیرانەی لەسەرنەکراوەو تادێت پەراوێزدەکرێن!
لەم رۆژانەدا لەگەڵ گەنجێکی تەمەن بیست و چوارساڵ کەوتمە ئاخاوتن و پرسیاری بەرنامەی کاری رۆژانەم لێیکرد، لەوەڵامدا گووتی: زۆر زۆرەکەی تا نۆزدەی ئەم مانگە لێرە دەمێنم، بڕیارم داوە بەرەو هەندەران سەفەربکەم! منیش پێیم گووت ئەگەر چوویتە دەرەوەو لجوئیان نەداپێت ئەوکاتە هەموو هەوڵەکەت بەفیڕۆدەڕوات، وەرە پیاوی چاك بە واز لەدەرەوە بهێنە، ئەی ئەوە نییە مامەکانت لەدەرەوەن کاتێك کەدێنەوە بەسەردان گلەیی و گازەندەی زۆر لەو وڵاتانەو لەغەریبی دەکەن؟ لەوەڵامدا گووتی "راست ناکەن گەروایە کێ رێیانی گرتووە تا نەگەڕێنەوە؟ ئەوان بەزەحمەتی دەرچوون، خۆ ئێستا زۆر بەسانایی دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ کوردستان، ئەی بۆ نایەنەوە، یان بۆ کاتێك کەبەسەردان دێنەوە لەپێش تەواوبوونی وادەکەیان دەگەڕێنەوە؟ من لێرە دەبێت شەو و رۆژ هەڵپەبکەم، تاپیر دەبم ئەوساش هیچ بەهیچ ناکەم! جارێك لێمداوە پارەیەکی زۆرم بەفیڕۆ رۆیشتووە، ئەمجارەش لێی دەدەم ئەگەر دەرچووم ئەوا"خیر علی خیر"ئەگەر دەریش نەچووم جارێکی دیکە لێی دەدەمەوە، درێژەی بەقسەکانی داو وتی: من رۆژانە لێرە وەکو گەنجێك چۆن ژیانێك دەگووزەرێنم، کێ گرنگی بەمن دەدات؟ رۆژانە یان لەئیشم یان لەریزی بەنزین وەرگرتنم، بەشەوانیش کارەبا هات، بڕا، ئەم بگۆڕە ئەو بگۆڕە، ئاو هات دەی نەوت بکەرە پیرە مووەلیدەوە تامالەوەمان ئاو پڕبکەن، ئەمە ژیانی منە، شەوان تاکاتژمێر سێ نابێت بخەوم تائاویان بۆ پڕدەکەم، هەموو رۆژێکیش بۆ کرێکاری وا بۆ دە ساڵ دەچێت کەم و زۆر کار دەکەم، چیم بەچی کردووە؟ لێرە جگە لەبێئومێدی شتێکی دیکە نابینم! ئەگەر دەرەوە خەراپە بۆ بەرپرسەکانمان ماڵ و منداڵیان لەدەرەوەیە یان دەیان نێرنە دەرەوە؟ سبەی کاتێك منداڵەکانیان گەورە دەبن دێنەوە دەبن بەبەرپرس بەسەر ئێمەوە چییە زمان دەزانن، منیش دەچمە دەرەوە خۆ هیچ نەبێت فێری زمان دەبم، هەر کاتێکیش بێمەوە رێزێکی تایبەتیم لێ دەنرێت

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

وەکو ئەوەی من هەر ئەو کەسەش نەبووبم کە لەبەر پەراوێزکردنم سەری خۆم هەڵگرتبێ، کۆمەڵگای ئێمە ئەوە نەریتێتی ساڵەهای ساڵە ئیشی تەنها کۆپیکردنە، بۆیە هیچ جۆرە گۆڕانێك لەبیرکردنەوەو تێڕوانینیاندا بۆ شتەکان بەگەنجیشەوە نابینرێ. من لێرە هەست بەنامۆیی دەکەم، هەست دەکەم لەناخمدا شتێك هەیە یاخییە بەم کۆمەڵگایە، بۆیە نامەوێت منیش هەمان هەڵەی ئەوان دووبارە بکەمەوە، دەمەوێت لە دونیایەکی تردا دوور لەم نەریتە بکووژانە بژیم، دەمەوێت بچمە وڵاتێك سیستەمێك بەڕێوەی ببات نەك میزاجی شەخسی! من بەدوای بوونی خۆمدا دەگەڕێم، لێرە هیچ هەست بەبوونی خۆم ناکەم". بەڵێ ئەمە خەون و ئاواتی گەنجێك بوو کە دەبێ لەسەر دەستی ئەوان گۆڕانکاری ئەنجام بدرێ و وزەیان لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی خۆیاندا بەکاربهێنن، لێ بەهۆی پەراوێزکردنیانەوە ئەو بەرهەمە خۆماڵییە نایابە تا بێت دەبێتە داهاتێکی لەنایاب نایابتر بۆ ئەو وڵاتانەی کەدەزانن چۆن و بەچ شێوەیەك مامەڵە لەگەڵ ئەو توێژە هەستیارەدا دەکەن و دەیانکەن بەداهاتێکی چاك بۆ ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکانیان!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.